ئەدەب

# لە کۆمەڵگای دیکتاتۆرییدا

جۆرج ئۆروێل
و: مستەفا زاهیدی



لە سەردەمی ئێمەدا ئازادی مینۆکی (مەعنەوی) لە دوو لاوە هێرشی دەکرێتە سەر، لە لایەن دوژمنی تیۆری، لایەنگرانی دەسەڵاتی رەها و لە لایەن دوژمنی راستەقینەوەو بە پلەی یەکەم، پاوانخوازان و بۆرۆکراتەکان. هەر نووسەر و رۆژنامەنووسێک بیەوێ شەرافەت و راستگۆیی خۆی بپارێزێت، زیاتر لە لایەن رەوت و روانگە گشتییەکانەوە لەمپەری بۆ دروستدەکرێت نەك ئەشکەنجە گشتییەکان، جگە لەمە هۆکارێکی تریش لە بەرامبەریدا هەڵوێست دەگرێت کە بریتییە لە راگەیاندنەکان کە لە لایەن چەند کەسێکی سەرمایەدارەوە بەڕێوە دەچن کە راگەیاندنەکانیان پاوانکردووە. هۆکاری سێهەمیش ئەوەیە کە خەڵك بە گشتی حەزیان لە کڕینی کتێب نییە...

دوژمنی ئازادی بیروڕا هەموو کات دەیەوێ ویستی خۆی لە ژێر ناوی بەرگری لە پرەنسیپ و نەزم لە بەرامبەر پشێویدا بە سەر هەمووواندا داسەپێنێت و بابەتی راست لە بەرامبەر ناراستدا تا بەرزترین ئاستی مومکین پەردەپۆش بکات و راستییەکان بشارێتەوە. هەر چەن ئەو خاڵەی جەختی لە سەر کراوە رەنگە شتێکی بگۆڕ بێت، بەڵام ئەو نووسەرەی رازی نییە بەوەی باوەڕەکانی خۆی بفرۆشێت، هەموو کات بە نووسەرێکی سەرەڕۆ دەناسرێت.... لە روانگەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە مێژوو ئەو شتەیە کە دەبێ بخولقێندرێ و درووستبکرێ، نەك ئەوەی شتی لێوە فێر بین. دەوڵەتێکی چینی دەسەڵاتدار بە مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆیان، دەبێ وا دەربکەون کە کەسانێکی بێگوناهن، بەڵام لەو رووەوە کە هیچ کەس لە راستییدا وا نییە کە بێگوناه بێت، کەوایە بەردەوام پێویستەدیکتاتۆرەکان بە مەبەستی سەلماندنی ئەوەی کە هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە، یان ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەن فلانە سەرکەوتنی خەیاڵییان بە دەستهێناوە، بەم شێوەیە رووداوەکانی رابردوو سەرلەنوێ دادەمەزرێننەوە.... دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەموو دەم خوازیاری گۆڕانی رابردوو و نکۆڵیکردنە لەو راستییەی کە بوونی هەیە. لایەنگرانی دیکتاتۆری لە وەها وڵاتێکدا بە زۆری جەخت لە سەر ئەم خاڵە دەکەنەوە، لەو رووەوە کە ناتوانین بە حەقیقەتی رەها بگەین، کەوایە درۆی گەورەکردن لە درۆی بچووککردن خراپتر نییە... کۆمەڵگایەکی دیکتاتۆر لێدراو کە توانیویەتی ببێت بە شتێکی هەمیشەیی و جاویدان، رەنگە لە سەر بنەمای سیستەمێك لە باوەڕە ئێسکیزۆفێرنیك دامەزرابێت، کە لەودا عەقڵی سالم لە ژیانی رۆژانەو لە بەشێك لە زانستە تیۆرییەکاندا بە باشی دەپارێزرێت، بەڵام دەکرێ لە لایەن سیاسییەکان و مێژوونووسەکانو کۆمەڵناسەکانەوە لە بەرچاو بگیردرێت. لە کۆمەڵگادا خەڵکانێکی زۆر هەن کە تەزویر کردنی دەقە زانستییەکان بە شەرم دەزانن، بەڵام هەر ئەم خەڵکە لە بەرامبەر تەزویرکردن و گۆڕینی راستییە مێژووییەکاندا چاویاندەنووقێنن.

ئەو کاتەی ئەدەب و سیاسەت رووبەڕووی یەك دەبنەوە، دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەوڵدەدات هەموو گوشارێك بخاتە سەر ئەدەب، ئەمە لە حاڵێکدایە زانستە تیۆرییەکان هیچکات بەم رادەیە لە هەرەشەی مەترسیدا نین. ئەم خاڵە دەرخەری ئەو راستییە کە بۆچی لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا بۆ زاناکان ئاسانترە لە ریزی دەوڵەتدابن ، بەڵام بۆ ئەدیبەکان بەو شێوە نییە. لەم ناوەدا بە تایبەت زۆر دژوارترە پەخشان نووسەکان ئەم هاوکارییە نزیکەیان هەبێت لە گەڵ ئەم دەسەڵاتانە. نووسەرەکان ناتوانن بیرکردنەوەی خۆیان بەرتەسکبکەنەوە، بێئەوەی هێزی داهێنانی خۆیان نەکوژن، بەڵام مێژووی کۆمەڵگا دیکتاتۆرەکان ئەوەی خستوەتە روو نەبوونی ئازادی خەسارە بۆ هەموو جۆرەکانی ئەدەب.

**ئەو کاتەی ئەدەب و سیاسەت رووبەڕووی یەك دەبنەوە، دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەوڵدەدات هەموو گوشارێك بخاتە سەر ئەدەب**



ئەدەبی ئاڵمانیا لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی هیتلەردا گەیشتە ئاستی نەمان، لە ئیتالیاش ئەدەب حاڵی لەوەی ئەڵمانیا باشتر نەبوو. ئەدەی رووسیا( بە دادووری کردن لە سەر وەرگێڕانەکان) لە یەکەم رۆژەکانی شۆڕشەوە تووشی نوشست هات، هەروەها ئەبێ ئەوەش بڵێین کاتۆلیك ئۆرتۆدۆکسیش باوەری بە کاریگەری سەرکوتکردنی جۆرەکانی ئەدەب و بە تایبەت رۆمان بووە. بۆ ماوەی 300 ساڵ، چەن رۆماننووسی باش بوونیان هەبووە، کە لە هەمانکاتدا کاتۆلیکێکی باوەرداریش بووبێت؟

ئەوە شتێکی راستە کە هەندێ لە بابەتەکان بۆ ئەوە نابن ستایش بکرێن و بۆ پێداهەڵدان نابن و دەسەڵاتی دیکتاتۆری یەکێك لەو شتانەیە. هیچ کەس تا ئێستا کتێبێکی باشی نەنووسیوە کە ستایشی پشکنینی باوەرەکان بکات. رەنگە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا هونەری شاعیری، یان هونەرەکانیتر، بۆ وێنە بیناسازی بتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەنو تەنانەت بەشێکیشان لە سایەی سەری دەسەڵاتی دیکتاتۆرەوە هەندێ شتی باش بنووسن، بەڵام پەخشان نووس (چیرۆکنووس و رۆماننووس) هیچ رێگایەکی لە بەردەمدا نییە، جگە لە بێدەنگەکردن یان مەرگ. لەبەرئەوەی



پەخشان لە ئەدەبدا وەك دەزانین، بەرهەمی عەقڵگەرایی سەردەمی گۆرانی پرۆتستانی و سەربەخۆیی تاکەکەسییە، هەر بۆیە نەمانی ئازادی، بیرکردنەوەی رۆژنامەنووس، کۆمەڵناس، مێژووناس، رۆماننووس و رەخنەگر و شاعیر لە بێهێز دەکات. جگە لە خوێندنەوەی رۆژنامە حەشیمەتێکی گەورە لە جەماوەری خەڵکی کۆمەڵگا پیشەییەکان زۆر هەستیار ترن، لە چاو خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان. بە بەراورد لەگەڵ سەرقاڵییەکانیتر، هیچ چەشنە حەزێکیان بۆ خوێندنەوە نییە.

تەنانەت رەنگە رۆژێ رۆمان و چیرۆك لە لایەن فیلم و بەرهەمە تەلەفیزیۆنی و رادیۆوە سەرکوتبکرێن. لە بەریتانیان دوژمنی سەرەکی ریالیست بوون و ئازادی باوەرەکان، رەسانەکان و سەرنجراکێشبوونی فیلم و سیستەمی بۆرۆکراتییە، بەڵام بە تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی قووڵتر کەمبوونەوەی حەزی رووناکبیران بۆ ئازادی سەرەکیترین هۆکاری سەرکوتی ئەدەبە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی دەبێ ئەدەب لە چاو شتەکانیتر بەم رادەیە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە؟ ئاخۆ هەر نووسەرێك بە شێوەیەك کەسێکی سیاسیە، ئاخۆ هەر کتێبێك بە شێوەیەکی نەخوازراو کارێکی راپۆرت نووسینە؟ لەو کۆمەڵگایانەی کە ململانێی گەورە نییە لە نێوان باوەرەکاندا و جیاوازی ناکرێت لە نێوان هونەرمەند و بیسەرانیدا، ئاخۆ ئەدەب یان هەر هونەرێکیتر دەرفەتی گەشەی دەبێت؟ ئاخۆ دەبێ بەردەوام لە سەر ئەو باوەرە بین، هەر نووسەرێك یاخییەکە، یان ئەوەی نووسەر کەسێکی جیاوازە؟

زانستەکان، فیزیا، مۆسیقا و شێوەکاری و بیناسازی، رەنگیشە ئەدەب بە دڵنیاییەوە بە نەمانی ئازادی بیرورا لە ناو دەچن و تووشی نسکۆ دەبن. ئەم تێداچوونە نەك تەنها لە ولاتە دیکتاتۆرەکاندا شتێکە سەداسەد روودەدات، بەڵکو ئەو نووسەرانەش کە روانگەیەکی تاك رەهەندییان هەیە تووشی ئەم نسکۆ دەبن. هەر نووسەرێك کە هۆیەك بۆ تەزویر و ئازاری راستییەکان دەدۆزێتەوە، وەك نووسەرێك خۆی تووشی شکست دەکات.

خەیاڵ و فەنتازیا وەك گیانلەبەرێکی وەحشی دەچێت، کە ناکرێ دیل و رام بکرێت و هەر نووسەرێك نکۆڵی لەم راستییە بکات، لە راستییدا خوازیاری شکست و نسکۆی قەڵەمەکەی خۆیەتی.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**